# بەكر سدقی و خەونی دەوڵەتی كوردی

عەبدولستار جەباری
(كەركووك)

(١- ٢)

بەشێوەیەكی گشتی، لەناو كورددا، بە تایبەتی پیاوانی میری، یان كاربەدەستان و مووچەخۆرانی سەر بەحكوومەت و ڕژێمە داگیركەرەكانی كوردستان وەها باوە، هەردەم لە بەرژەوەندی ئەو ڕژێمانەی كە مووچەخۆریان بوونە، بەرژەوەندیی خۆیان پاراستووە و خستوویانەتە پێش بەرژەوەندییەكانی گەل و نیشتمان، تەنانەت هەندێكیان دژایەتی نەتەوەی كوردیان كردووە.

وەلی شەهید بەكر سدقی كە گەورە ئەفسەرێكی كورد و یەكێك لە دامەزرێنەرانی سپای عێراق بوو، لە پلە و پایەدا گەیشتە (فەریق ڕوكن) و سوپاسالاری عێراق، كەچی هەمیشە دژەباو بووە و هەردەم بەرژەوەندییەكانی گەل و نەتەوەكەی خستبووە پێش بەرژەوەندی خۆی و دەسەڵاتدارانی وڵات، لەو پێناوەدا كاری زۆر باشی كردووە. مرۆڤێكی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و ڕووناكبیر و چاونەترس بووە، هەردەم لە خزمەتی گەل و نەتەوەكەیدا بووە و ئاواتی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوونی كوردستان بووە، هەمیشە ئامۆژگاری كاربەدەستانی كوردی كردووە، دەسپاك و داوێن پاك و دڵسۆزی نەتەوەی كورد بن.

نووسەری عەرەب مەحموود ئەلدوڕە لە كتێبی (دۆزی كورد) كە بە عەرەبی نووسیویەتی، دەڵێ: (بەكر سدقی كە فەرماندەی سپای عێراق بوو، بە شەو بە لایتی دەست و بە ئاگركردنەوە ڕێی نیشاندەری هێزەكانی شێخ مەحموود بووە و

چاوساغی بۆ کردوون).

سدقی لە ماوەی ژیانیدا لە کاری سەربازی پلە و پایەی باشی بەخشیبووە سەربازە کوردەکانی سپای عێراق. چەندان جێگری ئەفسەری کردبوو بە ئەفسەری پلەدار.

## دوایین چاوپێکەوتنی نێوان مەلیک غازی و بەکر سدقی

گەورە ئەفسەر و کەسایەتی ناوداری کورد «فوئاد عارف»، کە هاوکات لەو سەردەمەدا پاسەوانی تایبەتی «مەلیک غازی» بوو، لە یاداشتەکانیدا بە وردی باس لە دواهەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەلیک غازی دەکات، بەناوونیشانی (دواییین چاوپێکەوتنی نێوان مەلیک غازی و بەکر سدقی)، ئێمە لێرەدا وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە دەڵێ:

(بیرمە دواییین چاوپێکەوتنی نێوان مەلیک غازی و بەکر سدقی، شەوێک بەر لە کوژرانی بەکر سدقی بوو، کاتێک دوای نیوەڕوانێک هات بۆ «تەل ئەلملح» و داوای مۆڵەتی سەفەری کرد بۆ ئەو داوەتنامەیەی بۆی نێردرا بوو، بۆ ئامادەبوونی مانۆڕێکی سەربازی لە تورکیا، دەیویست لەوێوە بچێت بۆ ئەڵمانیا بۆ بینینی ئەدۆڵف هیتلەر. دیار بو مەلیک حەزی نەدەکرد بەکر سدقی ئەو سەفەرە بکات، بۆیە پێی گوت: «بەکر مەڕۆ، چونکە دۆخەکە لە بەرژەوەندیت نییە»!. پێی گوت: «بەکر، مستەفا کەمال ئەتاتورک لەو کاتەوەی کودەتای کردووە، لە تورکیا نەچووەتە دەرەوە». بیرمە موحەممەد عەلی جەوادیش ئامادەی دانیشتنەکە بوو، بەکر وەڵامی دایەوە: «گەورەم! شاکر وادی و ئیسماعیل ئاغاش لەگەڵمدان و دڵنیام هیچ ڕوونادات»، ئینجا گوتی: دوو سەتڵ عەمبەم



بەکر سدقی

بۆ ئەتاتورک کڕیوە یەکێکیان بەناوی تۆوە و ئەوی تریان بەناوی خۆمەوە «دیارە ئەتاتورک زۆر حەزی لە عەمبە بووە».

ئەوجا تێگەیشتم مەلیک غازی ڕێگەی بە بەکر سدقی داوە بە ناوی ئەوەوە دانوستان دەربارەی پڕ چەککردنی سپای عێراق و پێوەندیکردن بە وڵاتانی میحوەرەوە بکات، تا ئەوەی هەردووکیان جیابوونەوە و دووبەدوو گفتوگۆیان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا غازی نەیتوانی دوودڵی خۆی بشارێتەوە لە دەرچوونی بەکر سدقی لە عێراق لەو کاتەدا.

بەکر سدقی دوو نامەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، یەکێکیان بۆ «هیتلەر و ئەوی تریان بۆ مۆسۆلینی»، دەربارەی دانوستان لەگەڵ وڵاتانی میحوەر بەناوی (مەلیک غازی)یەوە، سەبارەت بە پەرەپێدانی سپای عێراق بۆ دوو فەیلەق و پڕچەککردنی بە کەرەستەی سەربازی نوێ. لەوانە پڕ چەککردنی بە (٢٠٠) فڕۆکەی جەنگی. ئەو سەردەمە «دوکتۆر فرتز گەرۆبا»

وەزیری ڕێگەپێدراوی ئەڵمانیا لە بەغدا بوو، چالاکی دپلۆماسی زۆری هەبوو، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە کرانەوە بەسەر ئەڵمانیادا، لە هەموو بوارە بازرگانی و ڕۆشنبیرییەکاندا و پێوەندییەکی باش لەنێوان بەکر سدقی و دوکتۆر گەرۆبا هەبوو، لە دوای کوودەتای بەکر سدقی لە بواری سەربازیدا چالاکییەکانی زیاتر بوون، وەزارەتی بەرگریش دەستی بە دانوستان لەگەڵ کۆمپانیا ئەڵمانییەکاندا کرد سەبارەت بە واژۆکردنی گرێبەستی چەککڕین، کە فڕۆکە و مووشەکی دژە ئاسمانی لەخۆ دەگرت. لە کاتی خۆیدا بیستمان پێوەندییە سەربازییەکان کڕینی چەکی تێپەڕاندووە بۆ ڕاوێژکاری سەربازی و بەکر سدقی لە ڕێگەی گەرۆباوە داوای ڕاوێژکارێکی سەربازیی کردبوو، بە ناوونیشانی جیۆلۆجی هاتە بەغدا و ناوی (هانتێر) بوو، بەکر سدقی زۆر لەگەڵیدا دادەنیشت و ڕووپێوێکی سەربازی بۆ باکووری عێراق کرد و لێکۆڵینەوەی لە ئەگەری هێرش کردنە سەر بەغدا لەلایەن ئێرانەوە کرد، لە ڕێگەی ناوچەی باکوورەوە و وەستانەوە لە بەرانبەریدا، هەموو ئەمانە کاتێک ڕوویان دەدا، لیژنەی دەستەی سەربازی بەریتانی لە بەغدا بوون.

هەروەها «ڤۆن شیراخ»ی وەزیری لاوانی ئەڵمانیا، بەهۆی ڕۆڵی گەورەی لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی گەنجانی ئەڵمانیا، لەلایەن هیتلەرەوە، جێگەی ڕێز و بایەخ بوو، لە سەردانێکیدا بۆ بەغدا لە کۆشکی تەل ئەلملح لە ئاهەنگێکی چای خواردنەوەدا چاوی بە مەلیک غازی کەوت. منیش لەگەڵ هەرچی پاسەوانەکانی ترە لەو ئاهەنگەدا ئامادە بووم، سەردانەکە ساڵی ١٩٣٨ بوو. ئەو چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامە بیانییەکاندا زۆر ورووژێنرا و زۆریان لەسەر ئەو سەردانە کورتە نووسی، هەرچەندە سەردانێکی داخراو بوو، نەزانرا چی تێدا وتراوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئاماژەی کردبوو بە ئاراستەکردنی عێراق بۆ ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەڵمانیا لە بوارە جیاوازەکاندا، کە گرنگترینیان بواری سەربازی بوو. وێڕای دروستبوونی جۆرێک لە پێوەندیی دۆستانە لە نێوان هیتلەر و مەلیک غازیدا. هیتلەر ئۆتۆموبیلێکی مارسدسی بە تایبەت بۆ مەلیک غازی ناردبوو کە تا ئێستاش لە باخچەی ئەلزەوررا پارێزراوە و فەرمانی دابوو بیرەی ئەڵمانی تایبەت بۆ غازی بنێررێت و لەسەر هەر بوتڵێک پیتی یەکەمی ناوەکەی کە (غ) چاپکرابوو.

مەلیک غازی نیشتمانپەروەرێکی ئازادی عێراقی بوو، ئومێدەوار بوو بە نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەڵمانیا، دەستی بەریتانیا لە عێراق کورت بکاتەوە و دەسەڵاتیان بەسەر زۆر لە پیاوانی دەوڵەتدا کەم بکاتەوە، هەرچی کابینەیەکی عێراقی کە دروست دەبوو هەمووی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی باڵیۆزخانەی بەریتانیا، دوای ماوەیەک دەڕووخا.

لە سەروبەندی کوشتنی (بەکر سدقی)دا، مەلیک غازی ئێوارەکەی بە پەلە داوای کردم، یەکسەر چووم بۆ کۆشکی ئەلزهوور، کە چوومە نێو کۆشکەوە بینیم مەلیک غازی و شاژن لە نهۆمی سەرەوە دێنە خوارەوە و نیشانەی تێکچوون و شپرزەیی بە دەموچاوییەوە دیارە، گوتی: فوئاد دەزانی بەکر کوژرا؟!، نیشانەی ناڕەحەتییەکی گەورەی پێوە دیار بوو، ڕاستییەکەی سەرەتا وامزانی نەمردووە و بریندارە، پرسیارم کرد: «مردووە؟». گوتی: «بەڵێ تەواو». لەو کاتەدا شاژنە عالییەم بینی بەرەو لای ئێمە دێت و دەیزانی چی ڕووی داوە. ڕەنگە گوێی لە قسەکانی

غـازی بووبێـت، پێدەچـوو زۆر بـە تەنگـی (غـازی) یـەوە بێـت، نـەوەک دوای بەکـر سـدقی نـۆرەی ئـەم بێـت. ڕووی تێکـردم و گوتـی: «ئـەی فوئـادی بـرام، ئـاگات لـە مەلیـک غـازی بێـت». وتـم: «هیـچ ناڕەحـەت مەبـە، سـپا لـە خزمەتـی مەلیکدایـە..». بـە ناڕەحەتییەکـەوە گوتـی: «متمانـەم بـە سـپایەک نییـە سـەرۆک ئەرکانەکـەی بکوژرێـت».

وێـڕای ناڕەحەتـی بـۆ کوژرانـی بەکـر سـدقی، مەلیـک زۆر شـپرزە و شـڵەژاو بـوو، ئـەوەی زیاتـر سـەغڵەتی کردبـوو دوو نامەکـە بـوو لـە جانتاکـەی بەکـر سـدقی، کـە نێررابـوو بـۆ هەریـەک لـە هیتلـەر و مۆسـۆلینی، مەلیـک داوای لـێ کـردم پێوەنـدی بـە (ئەمیـن ئەلعومەری)یـەوە بکـەم کـە فەرمانـدەی مەوقـع بـوو، ڕاسـتەوخۆ دوای کوژرانـی بەکـر سـدقی ئـەو کاروبـاری مووسـڵی گرتـە دەسـت، کـە پێوەندییەکـەم وەرگـرت ڕاسـتەوخۆ مەلیـک قسـەی لەگـەڵ (ئەمیـن ئەلعومـەری)دا کـرد و پرسـیاری ئـەو جانتایـەی کـرد بـە بەکـر سـدقی بـووە، داوای لـێ کرد بەدوایدا بگەڕێت و ئەگـەر دیتییـەوە نەیکاتـەوە و بیهێنێـت خـۆی ڕادەسـتی مەلیـک غـازی بـکات. دووبـارە داوای لـێ کردمـەوە دەربـارەی جانتاکـە پێوەنـدی بـە (ئەمیـن ئەلعومەری)یـەوە بکەمـەوە، بـەڵام عومـەری پێـی گوتـم: جانتاکـە دیـار نییـە و نەدۆزراوەتـەوە. وێـڕای گەڕانـی ئـەو شـوێنانەی پێـش کوشـتنی و پـاش کوشـتنی بەکـر سـدقی لـێ بـووە، بـەڵام جانتاکەیـان نەدۆزیوەتـەوە. لـە کاتژمێر دووی شـەو لـە ڕێگـەی هەواڵگرییـە تایبەتەکانییـەوە بـە مەلیـک غـازی ڕاگەیەنـرا، مسـتەر تۆمسـۆنی ئەفسـەری هەواڵگری بەریتانیـا لـە ڕێگـەی ڕووبـاری گوێڕەوە بـەرەو مووسـڵ پەڕیوەتـەوە، ئـەوکات ئیتـر مەلیـک تووشـی بێئومێـدی بـوو لـەوەی جانتاکـە بدۆزرێتـەوە).

## بەکر سدقی لە بیرەوەرییەکانی (فوئاد عارف)دا

هـەر لەهەمـان سـەرچاوەی پێشـوودا فوئـاد عـارف بـەم جـۆرە باسـی بیرەوەرییەکانـی خـۆی لەگـەڵ بەکـر سـدقی دەکات، بۆیـە ئـەم بابەتـەش کـە بەناوونیشـانی: ((بیرەوەرییەکانـم لەسـەر بەکر سـدقی))یە بـە ئەمانتـەوە و وەک خـۆی بـڵاو دەکەینـەوە.

(لـە بیرەوەرییەکانـم لەسـەر بەکـر سـدقی، سـەرەتای دامەزراندنـم بـە ملازمـی دووەم، فەریـق بەکـر سـدقی، لـە کەرکـووک فەرمانـدەی ناوچـەی ڕۆژهـەڵات بـوو، ئـەو کاتـە هێشـتا فیرقـەکان پێـک نەهێنرابـوون. دەمانبینـی هەمیشـە بـۆ سەرپەرشـتیکردنی مەشـقکردنەکانمان دێـت، زۆر گرنگـی بـە بابەتـی مەشـقی سـەربازی دەدا. ئـەو ئەفسـەرە عێراقییانەی (بەکر سدقی)یان ناسیوە، گەواهـی لێهاتوویـی و زانسـتە سـەربازییەکانی بـۆ دەدەن کـە ئەفسـەرێک بـووە بـە پلـەی یەکـەم زۆر گرنگـی بـە مەشـق و هونـەرە سـەربازییەکان دەدا، لـە هەمـان کاتـدا لایەنـی تیـۆری و ڕۆشـنبیری پشـتگوێ نەدەخسـت، بۆیـە هەمـوو ڕۆژێکـی دووشـەممان کـۆی دەکردینـەوە و بابەتێکـی زانسـتی، یـان ڕۆشـنبیری بـۆ دەگوتینـەوە، ئیتـر ئەگـەر پێوەنـدی بـە زانسـتی سـەربازی، یـان هـەر زانسـتێکی تـرەوە هەبایـە، بـەو پێیـەی بەشـێکە لە ڕۆشـنبیرییەکی گرنـگ و پێویسـتە بـۆ تـەواوکاری کەسـایەتی ئەفسـەر، یـان خـۆی بابەتەکـەی پـێ دەوتینـەوە، یـان ئەفسـەرێکی ڕادەسـپارد وانەکـە ئامـادە بـکات و بیڵێتـەوە.

لـە هەمـوو وانـە وتنەوەکانـدا بەشـداری بەرچـاوی لـە گفتوگـۆ و کۆمێنـت و بەدواداچوونـدا هەبـوو. لەسـەر ئاهەنگێکـی شـەوانی هەمـوو ڕۆژێکـی سـێ شـەممان لـە یانـەی سـەربازی ڕایهێنایـن، کەشـێکی دۆسـتانەمان لەنێـوان ئەفسـەراندا دروسـت دەکـرد،

وەک ئەوەی یەک خێزان بین. لە کەشوهەوای مەشق و ڕاهێنانەوە دەمانگواستەوە بۆ کەشوهەوای کرانەوە و شادی. لە بیرمە پارێزگار و هەندێک گەورە فەرمانبەرانی کەرکووکی بانگهێشت دەکرد. قسەیەکی خۆشی ئەو ڕۆژگارانە، شەوێک لە شەوانی یانەی سەربازی کەرکووک، کۆمەڵێک ئەفسەر وەک هەمیشە لە سەر مێزێک دانیشتبووین قسە و باسمان دەکرد، لەپڕ فەریق بەکر سدقی هات لەلامان دانیشت و دەستی بە نوکتە و قسەی خۆش کرد، یەکێک لە ئەفسەرەکان بە پلەی ڕائد کە ناویم لەبیر نەماوە ڕووی تێکرد و گوتی: «گەورەم نهێنی تۆ لەگەڵماندا چییە، کە پێدەکەنیت و قسەی خۆش دەکەیت و نوکتە دەگێڕیتەوە، ئێستا چەندە دەم بەپێکەنین و ئێسک سووکیت، بەڵام سبەینێ لە کاتی دەوامی فەرمیدا دەگۆڕێیت و لێمان دەبیتە بەراز»، هەرچی دانیشتوانە دایانە قاقای پێکەنین.

بەکر سدقی لە کاتێکی نادیار و چاوەڕوان نەکراودا دەهاتە پشکنینمان و لەپڕ لەنێو خۆماندا دەمانبینییەوە بە سواری ئەسپەکەیەوە دەمانپشکنێت، یان لە کاتانێکی چاوەڕوان نەکراودا و لەناکاو دەچوو بۆ یەکە دوورەکان، بۆیە هەمیشە هەستمان دەکرد لە کاتی مەشق و لە هەموو کاتێکی تردا لەگەڵماندایە. لە کاتی ئەرک و دەوامدا زۆر جددی بوو، بەڵام لە کاتی دەرەوەی ئەرک و دەوامدا دەبوو بە کەسێکیتر.

ئەفسەرەکانی ژێر دەستی خۆش دەویست و پێوەندی دۆستانەی لەگەڵیان هەبوو، گرنگی زۆری بە دروستکردنی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەفسەرانی پلە نزمدا دەدا، بە تایبەت ئەوانەی تازە دادەمەزران، یان تازە دەگوێزرانەوە. بۆ خۆی هەڵدەستا و بەرەو ڕووی ئەفسەرە تازەکان دەچوو، یان ئەوانەی پێشتر لەگەڵی بوون. لە مێزێکدا لەگەڵیان دادەنیشت و قسە و گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و لە ژیان و کێشە و گیروگرفتەکانیانی دەپرسی. زۆرجار داوای بوتڵە بیرەیەکی بۆ خۆی و بۆ ئەفسەرە پلە نزمەکە دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو شەرمە لە نێوانیاندا هەڵگرێت و کەشێکی دۆستانە دروست بکات، چونکە کارێکی ئاسان نەبوو پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان دوو ئەفسەر، یەکێکیان بە پلەی ملازمی دووەم و ئەوی تریان بە پلەی لیوا، یان فەریق، دروست ببێت. چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ئەفسەراندا چەند بارە دەکردەوە، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان بکات و هەوڵی چارەسەریان بدات، بڕوای زۆر بەوە هەبوو، دەبێت باری دەروونی ئەفسەران جێگیر بێت. (ئێمەی ئەفسەرانی پلە نزم) وێڕای توندی و جددییەتی ئەو پیاوە، بەڵام لەگەڵی هەستمان بە ئاسودەیییەکی دەروونی دەکرد، چونکە وەک سەرکردەیەک دەیپاراستین و پێوەندی تایبەتی لەگەڵ هەموو ئەفسەرێکدا هەبوو.

هەمووان دەمانزانی ئەگەر کارێکی ناڕەوا لەگەڵ ئەفسەرێکیدا بکرایە، بەکر سدقی ئامادەیی تەواوی هەبوو دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە سپا پێشکەش بکات.

نموونە لەسەر ڕەوشتی جوانی زۆرە، دەڵێن (خەلیل زەکی)ش کە ئەفسەرێکی گەورەی سپای عێراق بوو، ئەم سیفەتانەی تێدا بووە، بەڵام بەداخەوە هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخسا بیناسم. ڕاستییەکەی بەکر سدقی پاشخانێکی ڕۆشنبیری بەرز و ئەزموونێکی کەسیی زۆری هەبوو وای لێکردبوو ببێتە خاوەنی ئەو ڕەوشتە، کە دەبێت لە هەر سەرکردەیەکی مەزندا هەبێت. لەبیرمە کاتێک لە مەشقی جەنگی شاخاویدا بووین لە سەربازگەی ئاغجەلەر، قوتابیانی گوندی عەسکەر

کە گوندەکەی بەکر سدقی و جەعفەر ئەلعەسکەری بوو سەردانیان کردین، ئێمە لە نزیک گوندەکە هەڵماندابوو، بەکر سدقی ناردی بە شوێن خزمەکانی و خزمەکانی جەعفەر ئەلعەسکەری و کۆمەڵێک لە خەڵکی گوندی عەسکەر و هەرچی ئەفسەرانی سەربازگەیە، وانەیەکی دەربارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیری و زانست لە پێشخستنی گەلاندا بۆ گوتینەوە. لەبیرمە دەیگوت «سەیرکەن» قسەکەی بۆ ئێمەی ئەفسەران و قوتابیان و مامۆستایان و ئامادەبوان بوو، سەیرکەن ئەوانە هەموو کوڕە مامی جەعفەر ئەلعەسکەریی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی سپای عێراقن.

بەڵام ئەوانە، ئاماژەی دەکرد بۆ خزمەکانی خۆی، کوڕی ماممن، من ئێستا لە سپای عێراق فەریقم، ئەگەر ئێمە ئەم ڕێگەیەمان نەبڕیایە ئەوە نەدەگەیشتینە ئەم پلەیە. ئەوان ئێمە و زۆری وەک ئێمەیان هێنایە دنیاوە، ئەوجا هانی ئامادەبووانی دا کە ڕێگەی زانست و زانیاری بگرنەبەر، ویستی هەندێک پارە بەسەر قوتابیان و باوکیاندا دابەش بکات، بەڵام نەیبوو، بۆیە لە بودجەی سەربازگە قەرزێکی وەرگرت و بەسەریاندا دابەشی کرد.

دوای ڕۆیشتنی بۆ ڕێزلێنان لەو گوندەی جەعفەر ئەلعەسکەری و بەکر سدقی تێدا لەدایکبوونە، فەرماندەی فەوجەکان بڕیاریان دا هەرچی قوتابیانی گوندەکەیە، یەکی دەستێک جلی خاکییان بۆ بکەن، هەرزوو بەرگدرووەکانی سەربازگە ئەندازەی قوتابییەکانیان گرت و لە شێوەی جلی کەشافە سەرو دەستێک جلیان بۆ هەموو قوتابیانی گوندی عەسکەر دووری و هەریەکە و جووتێک پێڵاویشمان بۆ کڕین و لەگەڵ جلەکانیان بۆمان ناردنەماڵەوە.

بەکر سدقی زۆر دەستبڵاو و بەرچاو تێر بوو، پارەی لە گیرفاندا نەدەمایەوە، جارێکیان داوای مۆڵەتێکی دوو مانگی کرد، بۆ ئەوەی بچێت لە دەرەوەی عێراق پشوویەک بدات، هەندێک لە ئەفسەران چوون بۆ بەڕێکردنی لە ویستگەی شەمەندەفەری کەرکووک، لەوانەی لەگەڵی چووبوو بەڕێی بکات، جەمیل پاشا ئەلڕاوی پارێزگاری کەرکووک بوو، بەڵام بەلامانەوە سەیر بوو دوای دوو هەفتە هاتەوە و پێوەندی بە دەوامەوە کردەوە، کاتێک لێیان پرسی بۆچی، بە ڕاشکاوی گوتبووی «وەڵڵا پارەکەم تەواو بوو»، نەیدەتوانی لە دەرەوەی شوێنی وەزیفەکەی بژی، بۆیە گەڕایەوە.

لەبیرمە لە فەوجی حەوت بووم، وەک فەرماندەی فەسیل بە شێوەیەکی کاتی گوێزرامەوە بۆ جبەخانەی پیادەی ناوچەی ڕۆژهەڵات بۆ مەشقکردن بە سەربازە تازەکان، لە کاتی تووڕەبووندا لە سەربازێکم دا بەناوی (سەمەد)، باوکی سەرکاری ئەحمەد ڕەشید پاشا بوو، خوێن لەسەری هات، برا بۆ نەخۆشخانە و دایکی چووە لای فەرماندەی ناوچە کە فەریق بەکر سدقی بوو، سکاڵای لێ کردم، فەرماندەی جبەخانەی مەشقکردن، موقەددەم مەحموود حیلمی بوو، داوای لێ کردم سواری گالیسکەکە ببم و لەگەڵ (سەمەد)دا بچم بۆ بارەگای ناوچە، لەگەڵ (سەمەد)دا چووم، ناوی حاتەم بوو زۆر تووڕە بوو و گوتی: دەبینیت ئێستا چۆن دنیا بەسەرتدا دەڕووخێنم»، ڕاستییەکەی هاوارکردنیم بەسەرمدا قبووڵ نەکرد، دارێکم بەدەستەوە بوو بۆی دابەزیم، کابرا ڕایکرد و من بە دوایدا و گالیسکەکەش بە دواماندا، تا لە نزیک بارەگای ناوچە پێی گەیشتم و تێروپڕم لێ دا، سەربازێکی زۆر لەسەرمان کۆبوونەوە و لەژێر دەستم دەریانهێنا و بردیان بۆ نەخۆشخانەی سەربازی و هەموو گیانی برین بوو، منیش چووم بۆ بارەگای ناوچە و چوومە لای بەکر سدقی و لە حاڵەتی تووڕەبوندا بووم، لەبیرمە کەسێک لە بارەگای فیرقە کاری دەکرد ناوی موقەددەم عەبدولوەهاب «ئەبوو

دگە» بوو، بەکر سدقی بانگی کرد و پێی گوت: «فوئاد ببە شەربەتێکی مێوژی بەرێ، کەی بە تەواوی تووڕەبونەکەی نەما، ئەوجا بیهێنەوە بۆ لام». کە هاتمەوە سەر خۆم دووبارە چوومەوە بۆ لای بەکر سدقی، پرسیاری کرد: بۆچی لەو سەربازەت داوە؟

- گەورەم، لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکانی مەشقکردنی بە باشی جێبەجێ نەدەکرد.

ناردی بە شوێن سەربازەکەدا و لێی پرسی: «مولازم بۆچی لێی دایت؟».

- گەورەم لێی نەداوم. بەکر سدقی گوتی: بەڵام سکاڵاتان لێ کردووە و دایکت هاتووە سکاڵا دەکات.

سەربازەکە گوتی: «نەخێر گەورەم ئەو مامە و لێی نەداوم، بەڵکوو تفەنگەکە لە دەستی خۆم پەڕی و کێشای بەسەرمدا و خوێنی لێهات، ئەوجا ئەگەر لێیشی دابم، ئەو وەک بابم وایە، بەهەرحاڵ بەکر سدقی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەر لەسەر پێکهێنام.

بە ڕەحمەت بێت هەر لەو کاتەدا پێی گوتم: «تۆ ئەفسەرێکی باشیت، بەڵام مامۆستایەکی خراپیت»، ئەوجا گوتی: «لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هۆکار نیت، دەبوو ئەفسەرێکی بەتەمەن بنێررابا بۆ ئەرکی مەشقکردن، چونکە هەم ئارامگرتن و هەم بیندرێژی دەوێت، تۆ هێشتا توانایی دانبەخۆدا گرتنت کەمە»، دوای کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکە، فەرماندەی فەوجی ڕاسپارد هەندێک ئامۆژگاریم بکات.

سەبارەت بە کوشتنی بەکر سدقی، موقەددەمی فڕۆکەوان مووسا عەلی کە لە ناوچەی مووسڵ فەرماندەی بنکە بوو، بەم جۆرە ڕووداوەکەی بۆ خاوەنشکۆ مەلیک غازی گێڕایەوە، منیش ئامادەی دانیشتنەکە بووم، موحەممەد عەلی جەواد لە مووسڵ پێوەندی بە (بەکر سدقی)یەوە کرد و پێکەوە هاتن بۆ یانەی هێزی ئاسمانی، کاتێک هەردووکیان لە باخچەکەی یانە دانیشتبوون بۆ خواردنەوەی عەسرە چاییەک، دەبینم مەحموود هندی ئاماژەی بە چاوشێک دا، وەک ئەوەی بیناسێت و پێی گوت: ئەوە (بەکر سدقی) یە، کاتێک چاوشەکە نزیک بووەوە، وایانزانی داواکاری هەیە- عەریزەیەکی پێیە و پێشکەشی بەکر سدقی دەکات، بەڵام وا پێ دەچوو لە ژێریدا دەمانچەیەکی شاردبێتەوە، هەرکە لێی نزیک بووەوە ڕووی دەمانچەکەی کردە بەکر سدقی، موحەممەد عەلی جەواد هێرشی کردە سەری، گوێم لە چاوشەکە بوو، دەیگوت: گەورەم تۆ وازبێنە من تەقە لە بەکر سدقی دەکەم، هەر کە زانیی موحەممەد عەلی جەواد هەوڵ دەدات دەمانچەکەی لەدەست دەربێنێت، تەقەی لە ئەویش کرد و ئەویشی کوشت.